راگەیاندنی حکومەت لەسەر غەزە: ژمارەی کوژراوان بەهەی بردومانکانی ئیسرائیل گەیشتە 11 هەزار و 240 کەس



راگەیاندنی حکومەت لەسەر غەزە باویکردەوە، ژمارەی کوژراوان بەهەی بردومانکانی ئیسرائیل بەسەر کەرتی غەزە، گەیشتە 11 هەزار و 240 کەس، کە 4630 منداڵ و 3130 ئافرەتن.

ئاماژەی بەوەشکردووە، تاکو ئێستا 51 رۆژنامەنووس لە غەزە کوژراون.

حکومەتەکەی غەزە ئەوەشی خستەڕوو، لەوەتەی حەوتی ئۆکتۆبەرەوە تاکو ئێستا، 21 کارمەندی بەرگری شارستانی کوژراون.

ئاماژەی بەوەشدەکات، لە بردومانکانی ئیسرائیل 198 کارمەندی تەندروستی کوژراون، وەک ئەوەی کە 94 باڵەخانەی حکومی، 253 قوتابخانە، 71 مزگەوت و 3 کڵێسا وێران بوونە.

لە 7ـی ئۆکتۆبەر بزووتنەوەی حەماس هێرشی کردە سەر ئیسرائیل و زیاتر لە هەزار و 400 ئیسرائیلی کوژران، لەبەرامبەردا ئیسرائیل بە چڕی بردومانی کەرتی غەززەی کرد، کە تاکو ئێستا زیاتر لە 11

هەزار کەس کوژراون و نزیکەی 28 هەزار کەسیش بریندار بوون.